# ئیمانداری بەهێز خێرترە وخۆشەویستترە لای خوای گەورە لە ئیمانداری لاواز، وهەموویان خێریان تێدایە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئیمانداری بەهێز خێرترە وخۆشەویستترە لای خوای گەورە لە ئیمانداری لاواز، وهەموویان خێریان تێدایە، پێداگیر بە لەسەر ئەوەی سوودی بۆت هەیە، وداوای یارمەتی لە خوای گەورە بکە وتەمەڵ مەبە، ئەگەر ناخۆشیەکت تووش بوو، مەڵێ ئەگەر ئاوا وئاوام بکردایە، بەڵکو بڵێ: (قَدَرُ اللهِ وَمَا شَاءَ فَعَلَ،)^، چونکە ووتنی (ئەگەر) دەرگا بۆ شەیتان دەکاتەوە بۆئەوەی کاری خۆی بکات». ^(واتە: ئەوەی قەدەری خوای گەورە بوو ڕوویدا، وئەوەی ویستی جێبەجێ بوو).

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە کە هەموو ئیماندارێك خێری تێدایە، بەڵام ئیمانداری بەهێز لە ئیمان وهیمەت وسامان بەخشینی وهتد ؛ خێرترە وخۆشەویستترە لای خوای گەورە -عز وجل- لە ئیمانداری لاواز. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەسیەتی ئیمانداری کرد بۆ جێبەجێکردنی هۆکارەکان لەو شتانەی سوودی بۆی دەبێت لە بابەتەکانی دونیا وقیامەت، لەگەڵ متمانە بە خوای گەورە -سبحانه وتعالى-، وداوای یارمەتی و بەهاناوە هاتن لێی، وپشت بەستن وتەوەکول پێی. دواتر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کرد لە تەمەڵی وکەمتەرخەمی وخاوی لە ئەنجامدانی ئەو کردەوانەی سوودیان هەیە بۆ دونیا وقیامەت. ئەگەر بەندە کۆشش بکات لە کردەوەدا، وهۆکارەکان جێبەجێ بکات، وداوای یارمەتی وبەخشین لە خوای گەورە بکات، لەپاش ئەمە هیچ شتێکی لەسەر نییە جگە لە سپاردنی هەموو شتێك بە الله، ودەبێت بزانێت کە بژاردەی خوای گەورە -عز وجل- ؛ خێرترە، ئەگەر تووشی کارەساتێك بێت، ناڵێت: (ئەگەر ئاوا وئاوام بکردایە) ، (چونکە ووتنی -ئەگەر- دەرگا بۆ شەیتان دەکاتەوە بۆئەوەی کاری خۆی بکات) ؛ لە ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر قەدەر، وخەفەت خواردن بۆ ئەوەی لەدەستی چووە، بەڵکو بە ملکەچی وڕەزامەندییەوە دەڵێت: (قَدَرُ اللهِ وَمَا شَاءَ فَعَلَ) واتە: (ئەوەی قەدەری خوای گەورە بوو ڕوویدا، وئەوەی ویستی جێبەجێ بوو)، ئەوەی ڕوویدا بەپێی ویست وخواستی -ئیرادەی- الله بووە، ئەو زاتە مەزنە چی بیەوێت ؛ جێبەجێی دەکات، وهیچ یەکێك ناتوانێت بڕیاری ئەو ڕەت بکاتەوە، وکەس ناتوانێت بڕیاری ئەو هەڵبوەشێنێتەوە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5493